# بۆ هەموو پیاوێکی خێزاندار

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**ئامادەکردنی : سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ إلى كل رجل متزوج ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : موقع بهشت ( الجنة )

www.ba8.org

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

1431 - 2010

islamhouse.com

# بۆ هەموو پیاوێکی خێزاندار

الحمد لله وحده والصلاهة والسلام على من لانبي بعده.

پاشان:

ئەمەش چەند وەسیەت و ئاڕاستەی کردنێکی پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم) بۆ پیاوی موسوڵمانی خێزاندار، داوائەکەین لەخوا کەیارمەتی دەری بێت لەسەر گوێ ڕایەڵی خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو.

1_ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەفەرموێت: (( أكمل المؤمنين أيماناً أحسنهم خلقاً ،وخياركم خياركم لنسائهم )) رواه الترمذى وصححه الالبانى.

واتە:ئەو کەسە لەهەموو کەس ئیمانی تەواوترە کە ڕەوشتی جوانە وە باشترینتان باشترینتانە بۆ خێزانەکانتان.

2_ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەفەرموێت: ((أستوصوا بالنساء خيراً)) متفق عليه.

واتە:وەسیەت بێ لەگەڵ ئافرەتاندا چاك بن.

3_ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەفەرموێت : : (( لا يفرك مؤمن مؤمنة، أي لايبغضها ، ان كره منها خُلُقاً، رَضي منها آخر))  رواه مسلم.

واتە:پیاوی ئیماندار خێزانی ئیمانداری نابوغزێنێ( توورەی ناکات) ، ئەگەر لەڕەوشتێکی ڕازی نەبێت لەڕەوشتێکی تری ڕازی دەبێت.

4_ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەفەرموێت:(( أن أعظم الذنوب عند الله : رجل تزوج امرأة، فلما قضى حاجته منها طلقها وذهب بمهرها )) رواه الحاكم وصححه.

واتە:بەڕاستی گەورەترین تاوان لای خوای گەورە ئەوەیە کەپیاوێك ئافرەتێك بخوازێت وکاری خۆی لێ جێ بەجێ بکات و پاشان تەلاَقی بدات و مارەییەکەشی ببات.

5_ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەفەرموێت: (( من كان له امرأتان فمال إلى أحدهما جيء يوم القيامة وشقه مائل )) رواه ابوداود وصححه الالباني.

واتە: هەرکەسێ دووژنی ببێت و بەلای یەکێکیاندا لای بدات ئەوە ڕۆژی قیامەت دێت و شانێکی لارە.

6_ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەفەرموێت: ((تنكح المرأة لأربع:لمالها، ولحسبها، ولجمالها، ولدينها فاظفر بذات الدين تربت يداك)) متفق عليه.

واتە:ئافرەت لەبەر چوار شت ئەخوازرێ: لەبەرماڵەکەی، لەبەر عەشیرەت و بنەماڵەکەی ، لەبەر جوانی یەکەی ، لەبەر دینەکەی ، دینەکەی هەڵبژێرە دەستت بەخۆڵا چێت، واتە: تووشی خێر بیت.

٧_ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەفەرموێت: ((ياعبدالله: ألم أخبر انك تصوم النهار وتقوم اليل؟ قال :بلى يارسول الله، قال: (لاتفعل ، صم وأفطر ، وقم ونم، فإن لجسدك عليك حقاً ،ولزوجك عليك حقاً)) رواه البخاري.

واتە: ئەی عەبدوڵڵا هەواڵیان داوە پێم کەتۆ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبیت و شەویش شەونوێژ دەکەیت . ووتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا . فەرمووی: وامەکە، بەڵکو ڕۆژوو بگرەو بیشی شکێنە ، هەستە بۆ نوێژو بیش خەوە، چونکە بەڕاستی لەشت مافی لەسەرتە، وەخێزانەکەشت مافی لەسەرتە.

8- وە معاویەی کوری حیدە ووتی: ووتم :(( يارسول الله، ما حق زوجة أحدنا عليه؟ قال: ( أن تطعمها اذا طعمت ، وتكسوها اذا اكتسيت ، ولاتضرب الوجه ولا تقبح _ أى لاتقل قبحك الله_ ولا تهجر إلا فى البيت)) رواه ابوداود.

واتە:ئەی پێغەمبەری خوا مافی خێزانی هەریەکەمان لەسەرمان چی یە؟ فەرمووی: ئەوەیە کە خواردنی پێبدەیت کاتێ خواردنت خوارد، وەپۆشتەی بکەیتەوە کاتی کەخۆت پۆشتە کردەوە، وەنەدەیت لەدەم و چاوی ، وە پێی نەڵییت خوا ناشیرینت کات، وە وازی لێ نیەنیت ئیللا لەماڵدا نەبێت.

9_ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەفەرموێت: ((ألا ان لكم على نسائكم حقاً ، ولنسائكم عليكم حقاً، فحقكم عليهنَّ ألاَّيوطئن فرشكم من تكرهون، ولايأذن فى بيوتكم

لمن تكرهون، ألا وحقهن عليكم أن تحسنوا إليهن في كسوتهنّ وطعامهنّ )) رواه الترمذى.

واته:ئاگادار ربن كەبەڕاستى ئێوه مافتان هەیه لەسەر خێزانەكانتان ، وەخێزانەكانتان مافیان هەیه لەسەرتان، جا مافى ئێوه لەسەریان ئەوەیه كه كەسێك نەهێننه سەرجێگەكەتان كەئێوه ڕازى نەبن لێ ى، وەڕێ بەكەس نەدەن بێته ماڵەكەتان مەگەر ئێوه ڕێ ى بدەن، وەمافى ئەوانشى لەسەر ئێوه ئەوەیه كەچاك بن لەگەڵیان له جل و بەرگ و خواردنیان.

10_ پێغەمبەر(صلى الله علیه وسلم) ئەفەرموێت : ((رحم الله أمرأة قامت من الليل فصلت وأيقظت زوجها فصلى، فإن أبى نضحت فى وجهه الماء )) رواه احمد وابو داود وصححه الالبانى.

واته:ڕەحمەتى خوا لەو ئافرەتەى هەستێت بۆ شەو نوێژ و مێردەكەشى هەستێنێت و ئەویش نوێژ بكات ، جا ئەگەر مێردەكەى بەگوێ ى نەكرد ئاوپرژێنێت بەدەم و چاویدا.

11_ وه عائشه _رەزاى خواى لێ بێت_ ئەفەرموێت: (( ما ضرب رسول الله خادماً ولا امرأةً قط )) رواه مسلم.

واته: پێغەمبەرى خوا (صلى الله علیه وسلم) هەرگیز له خزمەتكار و ئافرەتى نەداوه.

12_ پێغەمبەر(صلى الله علیه وسلم) ئەفەرموێت: (( أنك لن تنفق نفقة تبتغي بها وجه الله إلا أجرت عليها ، حتى ما تجعل في فيّ امرأتك )) متفق عليه.

واته: بەڕاستى تۆ هیچ خێرو چاكەیەكت نەبەخشیوه لەڕێ ى خوادا ئیللا پاداشتت ئەدرێتەوه هەتا ئەو پاروەى كه ئەیخەیته دەمى خێزانەكەتەوه.

13_ پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئەفەرموێت : : (( كل شيء ليس من ذكر الله لهو ولعب ، إلا أن يكون أربعة، وذكر منها _ ملاعبة الرجل امرأته ))رواه النسائى وصححه الالبانى.

واته: هەموو شتێك كه یادو زیكرى خوانەبێت شتى پووچ و بەتاڵه ، ئیللا چوار شت نەبێت، وەلەوانەى كەباسى كرد_ یارى كردنى پیاو لەگەڵ خێزانەكەى.